**کۆمەڵانی داخۆیانی هاوبەش هەراوی خەڵکی کوردستان!**

**کوردستانیانی وڵاتپارێز!**

هەمووموان دەزانین کە ڕەوشی باشووری کوردستان لە دووریانێکی مەترسیداردا گیری خواردووە، لەجیاتی چارەسەرکردنی، کەچی بە هۆی ململانێی ناڕەوا و بۆ بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی خەریکە بەرەو تونێلێکی نادیار تاو دەدرێ؛ بۆیە ئێمە وەکوو لایەنی سیاسی خەمخۆر گەیشتینە ئەو باوەڕەی کە ڕەوشی ئێستا، پێویستی بە خوێندنەوەی وڵاتپارێزانە و ڕاستگۆیانە هەیە، بۆ ئەو مەبەستە دوای  پرس و ڕاوێژی هاوبەش، دوای گفتوگۆیەکی چڕ و پڕ، بەو ئاکامە گەیشتین کە ڕامان و دیتنی خۆمان بۆ ئێوەی بەڕێز ڕوون بکەینەوە و لێتان بخوازین کە پشتیوانی لە داخوازیەکانمان بکەن، تا پێکەوە بتوانین ئەم قۆناغە دژوارە تێپەڕ بکەین و بەرەو ئاسۆیەکی ڕوونتر هەنگاو هەڵبگرینەوە. ئێمە لەسەر ئەم پرسانە هاوڕابووین:

1- **پرسی دەستوور:** هەرێمی کوردستان وەک قەوارەیەکی فیدراڵی، بەهۆی ململانێ و بەرچاوتەنگی حزبایەتییەوە هەتا ئەمڕۆکە بێ دەستوورە، بۆیە خوازیارین کاری شێلگیرانە بۆ دەستوور بکرێ، بەڵام ئەرکی لە پێشینە ئەوەیە کە پرسی ناوچە داپڕێنراوەکان یەکلایی بکرێتەوە، ئەوکاتە لە ڕاپرسییێکی گشتیدا شێوەی فەرمی خۆی وەربگرێ.

2- **کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن:** پێویستە کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن کە بە پشکی حزبەکان پێکێنراوە، هەڵبوەشێتەوە؛ دەخوازین کەسانی پسپۆڕ و بێلایەن شوێنی ئەندامانی ئێستای بگرنەوە، چونکە بەو هۆیەوە دەستکراوەتر دەبن و دەتوان سەربەخۆیانە کار بکەن و لە ڕاپەڕاندنی کارەکانیاندا بۆ بڕیاری حزبەکان نەگەڕێنەوە.

3- **یاسای هەڵبژاردن:** پێویستە پێش هەڵبژاردن یاسای هەڵبژاردن لە یەک بازنەییەوە بۆ فرە بازنەیی بگۆڕدرێ، بەو

هــۆیەوە نــوێنەرانی ڕاســتەقینەی ناوچەکــان دەگەنە پەرلەمــان و دەتوانن باشتر نوێنەرایەتی بکەن.

4- **پرســـی کۆتــا:** هەبــوونی نــوێنەر بــۆ کەمینەکــان شــتێکی باشــە، بەڵام شــێوەی ئێســتای کۆتــا لە هەرێمــی کوردســتان کە بە دەنگــی دیتــرانەوە دەگەنە پەرلەمــان بــارێکی قــورس و لاســەنگی دروســت کــردووە، ڕاســتی ئەوەیە کە پــاڵێوراوانی کەمینەکـــان بە دەنگـــی ڕاســـتەقینەی کەمینەکـــانەوە هەڵبـبژێردرێن.

5- **پرســـی نەتەوەی دووەم:** تورکمانەکـــان بانگەشـــەی ئەوە دەکەن کە نەتەوەی دووەمـــی هەرێمـــی کوردســـتانن، بـــۆیە تەرخـــانکردنی کۆتـــا کـــارێکی ناڕاســـتە، پێویســـتە ئەوان لە بازنەکانــدا کێبەرکــێ لەگەڵ لیســت و پاڵێوراوەکــانی دیــکەدا بـــکەن، چـــونکە بەو هـــۆیەوە پـــێگە و ســـەنگایی ئەوان دەردەکەوێ.

**١- حزبی ڕزگاریی کوردستان**

**٢- بزووتنەوەی نوێبوونی کوردستان**

**٣- کڵپەی نیشتمانی کوردستان**

**٤- پارتی ناوەندی کوردستان**

**٥- ڕێکخراوی پێشەنگی گەلی کوردستان**

**٦- هاوپەیمانی نیشتمانی کوردستان**

**٧- بەرەی گەل**

**٢٨-١-٢٠٢٢**